# پاش بڕیار

✍️ فەرمان حەسەن

ئیدی هەموو نزیکبوونەوەیەکمان لە ساڵی نوێ، دەستپێکردنی هەموو ساڵێکی نوێمان، بە ژان و ئازاری لەدەستدانی بڕیارێك دەبێت. هەموو سەرەتای ساڵێك، بڕیارێکمان لێ دەسێنی و هەموو لەدەستدانێکیش برینی لەدەستدانەکانی دیکە نوێتر و بەسوێتر و بەئازارتر دەکات.



بڕیار، شەهیدی هەموان، شەهیدی مرۆڤایەتی، شەهیدی دەستی ڕەشی ستەم. خۆ ئیدی تەنها بۆ ئێمە سیمبوول نییە، لە هەرکوێیەکی زەمین دەسەڵاتی مافیا هەبێت، بڕیار لەوێیە، لە هەرکوێ داوای مرۆڤ بوون هەبێت، بڕیار لەوێیە، لە هەرکوێ ئازاری لاوێك بەدەست ستەمی دەسەڵاتێکی پووچەوە چەکەرە بکات، خوێنی بڕیار لەوێیە.

لە مەیدانی ستەم و کۆیلایەتیدا، لەژێر زەمینە تاریکەکانی تیرۆری نەوەی نوێدا، لە گۆڕستانی هیوا و خەونی هەر مرۆڤێك کە عەوداڵی سەربڵندی و ژیان بێت، خوێنی بڕیار ئیدی لەوێدا هەمیشە ئاسۆی ئومێدە.

پێش بڕیار و دوای بڕیار بۆ ئێمەی هاوشاری و سەرجەم ئازادیخوازان، ئیدی دوو قۆناغی تەواو لێك دابڕاو و نامۆن بە یەکدی. خوێنی بڕیار ئیدی جارێ سەردەمێکی نوێی فکر دەدات کە لە هەموو ساتێکدا دەکرێت بە خوێنی خۆمان قوربانی بدەین بۆ گێڕانەوەی بەها و بایەخ و کەرامەتی زەوتکراوی مرۆڤی ستەمدیدە و خێرنەدیوی ئەم نیشتمانە نەگبەتە.

خەون و داواکانی بڕیار، ئومێد و ئایندەی بڕیار، ئیدی دەبێت هەمیشە دەستپێك بێت. هەموو جۆرە ساردبوونەوەیەك لە خەونەکانی بڕیار کە ئیدی خەونی هەموو کەسێکی ژیاندۆست و سەربڵندە، خزمەتێکی گەورە بە دەستە ڕەشەکانی تیرۆر و مافیاکانی دەسەڵاتێکی بەربەری دەکات کە لە هەموو کات و ساتێکدا دەکرێت تیرۆرمان بکاتەوە و شەقامەکانی نیشتمان بە خوێنی چەندان بڕیاری دیکە سوورتر بکات، خەونی چەندان بڕیار ئەهریمەنانە لە گۆڕ بنێت. ئەوەی قۆناغی دوای بڕیار وەك بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی لەسەر هەمووماند و دادگا و لایەنە بەرپرسەکان دروستی دەکات، بەتایبەت ئەو لایەنانە کە پێش چوونە دەسەڵات دۆستی بڕیار و هاوشانەکانی

بوون، هەمیشە دەست لەناو دەستمان بوون بۆ ئاوەدانکردنەوەی شەقامە نارازییەکانی شار، ئێستا لەبەردەم ئەو تاقیکردنەوە گەورەی گەل و مێژوودان کە چەندێك عەودالّی سزادانی بڕیار کوژەکانن، چەندێك ویست و ئیرادەیان ماوە بۆ سزادانی هەموو ئەو مەرگدۆستانەی کە لەپێناو پارەو دەسەڵاتدا هەموو کاتێك ئامادەن یەك پارچە وڵاتمان لێ بکەنە گۆڕستان.

ئیدی تادێت زیاتر دۆستە ڕاستەقینەکان یاخود دەمامکدارەکان بۆ دۆستانی بڕیار ئاشکرا دەبێت، دەسەڵاتێك ئامادە بێت خوێنی نەوەکانی بڕژێتە سەرنیشتمان تەنها لەپێناوی ئەوەی داوای گێڕانەوەی مافی زەوتکراوی نیشتمان بکەنەوە بۆ نیشتمان، هەرگیز ئەو دەسەڵاتە نەك شایەنی لێخۆشبوون نییە، بەڵکو بەردەوام دەبێت سەرکوت و سەرکۆنە بکرێت، تا ئیدی بە کردەوە سنوورێك بۆ بڕینی جەرگی دایکی بڕیارەکان دابنێین، تائیدی ئاهێکیش بەبەری دۆستانی بڕیار و ئازادیخوازاندا بێتەوە، بە چاوی خۆمان سزای ئەو مافیا دڵڕەشانە بینین کە بۆ ڕشتنی خوێنی نەوەی ستەمدیدەی ئەم هەرێمە هەمیشە پەنجەکانیان لەسەر پەلەپیتکەیە.

پێویستە ئیدی بۆئەوەی دەکرێت بۆ سزادانی مافیاکان، تەنها چاومان لە دەستی دادگایەکی کوێر و دەست و پێ بەستراو نەبێت، بەڵکو دەکرێت پێش هەموو شت ئەو پەروەردە حزبییەی کە مافیا بڕیارکوژەکانی پێ گۆش کراوە، لە کۆمەڵگەکەمان دابماڵین، ئەو پەروەردەی حزب کە دەربارەکانی خۆی پێ گۆش دەکات، چەندان بڕیارکوژی ئامادەی لە بارەگاکانی خۆیدا حەشار داوە و هەرکات بیانەوێت کارەساتی جەرگبڕ دەئافرێنن و کام شوێنی نیشتمانیان بوێت لەوێدا ئاگری برینێکی نەبڕاوە خۆش دەکەن. دۆستی جەلادەکانی خوێنی بڕیار، ئێستاش بەسەر سەرمانەوەن و